تازەگەریی لەشیعری کوردی کەرکوك دا نێوان هەرەس و ڕاپەڕین ١٩٧٥- ١٩٩١

پ. ی. د. محمد احمد سعید

پێشەکی:

ئەم تۆژینەوەیە چەندلایەنێکی تازەگەریی لەشیعری کوردی کەرکوکدای لەخۆگرتووە، تۆژینەوەیەکی وەسفی و شیکارییە تایبەت بە بزاڤی نوێگەری شیعری کوردی.

کەرکوکیش بەو پێیەی شوێنی سەرهەڵدانی چەندین شاعیری کوردە هەر لە پیر ئەحمەدی کەرکوکییەوە تاوەکو رەنجوری و شاعیرانی کە بەدرێژایی سەدەکانی پێشوو لەبواری شیعرەوە حزوریان هەبووە. بەشێکی ئەدەبیاتی کوردییان فراوان کردووە. تێکستەکان لەسەرەتادا بەبابەتی ئاینی یارسان بووە پاشان بەرەو هەمەڕەنگی ناوەڕۆك ڕۆیشتوون.

بەوپێیەی ئەم شارە لەمێژووی ئەدەبیاتی کوردی دا شاعیرانی لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەو پەرەسەندنی شیعردا لەگەڵ ئەو مێژوو گۆڕانەدا بووە. لە ئەدەبیاتی نوێ و هاوچەرخیشدا بووەتە گۆڕەپانی تازەگەری شیعری کوردی. هەر لەو ماوە مێژووییەیدا ئەوەندە باس و تۆژینەوە سەبارەت بەشیعر نەکراوە ئەگەر کرابێتیش کەم و دەگمەن بووە. چونکە کارەساتەکانی رۆژگاری کەرکوك لەمپەر بوون لەبەردەم گەشەی رۆشنبیری و ئەدەبیاتەکەیدا. ململانێکان ئەوەندە ئاڵۆزو سەخت بووە کەمتر لای لێکراوەتەوە.

وێڕای ئەوانەش لەکەرکوك دا شیعر بەهۆی شاعیرانەوە لەجوڵەو گۆڕان و گەشەدابووە. بەتایبەتی لەسەدەی بیستەم بەدوواوە. تایبەتی تر لەنیوەی دووەمی سەدەکەو دووا ساڵەکانی. کۆمەڵێ گۆڕانکاری لەشیعردا هاتە ئاراوەو سیمای نوێگەری لەخۆگرت هەر ئەم فاکتەرانە وایان کرد ئەم تۆژینەوەیەمان تەرخان بکەین بۆ ئەو ماوە مێژووییەی نێوان (هەرەس و ڕاپەڕین) (١٩٧٥–١٩٩١) شیعری کوردی تایبەت بەهەندێ لایەنی تازەگەریی لەشیعریکوردیکەرکوکدا وەك پرۆژەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە بزاڤە شیعرییەکەی. کە خۆی لەچوار تەوەردا دەردەخات.

- لەتەوەری یەکەمدا کورتەیەکی مێژووی بارودۆخ و ڕەوشی رۆشنبیری و سیاسی کەرکوك.
- لەتەوەری دووەمیشدا تیشك خراوەتە سەر دیاردەی یاخی بوون وەك سیمایەکی نوێگەری لەشیعری کوردی کەرکوك دا.
- لەتەوەری سێیەمیشدا هەندێ ناوەڕۆکی نیشتمانی و نەتەوایەتی جیاواز لەهی پێشوو کە سیمایەکی تری نوێگەریەکەیەتی.
- لەتەوەری چوارەمیشدا ئاورێك لەنوێکردنەوەی ڕووخساری شیعردا دراوە. خرایە سەر خەرمانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیمان.

بەو ئومێدەی چەمکێکی ئەدەبی کوردیمان خستبێتەڕوو.

تازەگەریی لەشیعری کوردی کەرکوك دا
نێوان هەرەس و راپەڕین

تەوەری یەکەم: پوختەیەکی دۆخی مێژووی و رۆشنبیری و سیاسی کەرکوك

وەك ئاشکرایە لەو چوار ساڵەی دانوستانی نێوان کوردو حکومەتی عێراقدا ١٩٧٠-١٩٧٤ فەزایەکی بەرەوپێشچوونی رۆشنبیری لێکەوتەوە. لە هەموو بوارەکاندا جۆرە ئازادییەك بۆ کورد هاتە ئاراوە. کۆمەڵێ دامودەزگای رۆشنبیری و کلتوری دامەزرا، هەر لە گۆڤارو رۆژنامەو کۆمەڵە رۆشنبیرییە ئەدەبیەکانەوە تاوەکو دەرچوونی چەندین کتێب و بابەتی رۆشنبیری نووسەرانی کوردی ئەو قۆناغە، هاوشان لەگەڵ گەشەی ئەو بزاڤە سیاسییەی کورددا جوڵانەوەیەکی ئەدەبی بەرچاو لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بەرپابوو. بەتایبەتی لە بواری شیعرو چیرۆك و وتاری ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا لەناویاندا شیعر رووەو گەشەیەکی بەرچاوو دیار پەرەی سەند، لەوێوە بانگەوازی روانگەش وەك بەشێك لەو بزاڤە رۆڵی کاریگەرو کارای گێڕا لە برەوپێدان و گەشەی شیعری کوردیدا.

کەرکوکیش وەك شارەکانی تری کوردستان ئەو گەشە رۆشنبیرییە گرتیەوەو چەندین دامودەزگای رۆشنبیری و ئەدەبی تیادا دامەزرا وەك یەکێتی نووسەرانی کورد، کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی، هەروەها لە بەشێکی زۆری ناوچە کوردنشینەکانیدا خوێندن بوو بە کوردی، ئیتر رێگا والأبوو بۆ نواندن و دەرکەوتنی چالاکی هونەری و ئەدەبی بە گرتن و گێڕانی کۆڕو سیمینارو شیعر خوێندنەوە بەم شێوەیە کەرکوك هەناسەیەکی بە بەرا هاتەوە، بەرهەمە ئەدەبی و چالاکیە هونەرییەکان برەویان سەند. تەنانەت وای لێهات هەرچی خوێندەوارو رۆشنبیرانی کوردی کەرکوك هەبوون بە پەرۆشەوە بەشداری چالاکی ئەدەبی و هونەری و سیمینارو کۆڕە شیعرییەکانی شارەکانی تری کوردستانیان ئەکرد.

گومانی تیا نییە لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا کۆمەڵێ شاعیر هاتنە مەیدانەوە وەك شاعیرانی لاوی ئەو قۆناغە دەرکەوتن، بە بەرهەمەکانیان فەزایەکی شیعری ئەوتۆیان خوڵقاند کە بووە هۆی گۆڕینی ناوەرۆك و رووخساری شیعری.

لە ناوەرۆکدا پەیوەست و پابەندبوون بە کێشەی میللەت و ئایدیای مرۆڤایەتییەوە. هەروەها لاوان لەو تەقلیدە باوەی سیستمی شاعیرانی پێش خۆیان. لەگەڵ ئەوەشداو هەر لە ناوەرۆکدا سیمایەکی دیاری یاخی بوون بە شیعرەکانیانەوە دەرکەوت...

ئەگەرچی ئەو قۆناغە هۆکارێکی پەرەو گەشەسەندنی شیعری شاعیرانی لاو بوو. هۆکارێکی تر کە بۆ خودی شاعیرە پێشەنگەکانی ئەو قۆناغە ئەگەڕێتەوە لەوانە لەتیف هەڵمەت و سەلاح شوانی و سەلام محمدو چەندین روناکبیری تری وەك لەتیف حامید...هتد. کە جوڵانەوەیەکی شیعری دەگمەن و دیاریان بەرپاکرد. لە گۆڕەپانی رۆشنبیری و ئەدەبی کوردی کەرکوکدا بێ وێنە بوو. بەدوایاندا چەندین شاعیری تر هاتنە مەیدانەوە. ئەو پەیامەیان تەواکردو بەردەوامیان پێ دا. کۆبەندی هەموو ئەو بارودۆخە سەرهەڵدانی قۆناغێکی شیعری نوێی لێکەوتەوەو بووە ناسنامەی شیعری و ئەدەبی شاری کەرکوك...

دوای هەرەسیش کوردستان بووە گۆڕەپانو دوژمنانی کورد تەراتێنیان تیا ئەکرد. بە پاڵپشتی دسەلاّتی عێراقی کورد زوڵمو ستەمێکی زۆری لیٚ کرا، خەڵکەکەی راپێچی پرۆسەی بەزۆر کۆچپێکردنو بە عەرەبکردنو بە بەعسیکردن کرا، زۆرێك لە گوندەکانی وێرانو خاپوورکران. ئەو کارەساتەش سەراپای ناوچەی کەرکوکی گرتەوە..

وەك شارێکی کوردستانی دوژمنان هەمیشە چاویان تیٚ بڕیبوو. زۆربەی بەرنامەو پرۆسەکانی سیٚ کوچکەی بەعسیان لەوێدا جیٚ بەجیٚ ئەکرد. بەتایبەتی گوندەکانو ناوەندی شارەکە، کە بەشێکی یەکجار زۆری دانیشتووانەکەی دەربەدەرکرانو راگوێزران. بێگومان ئەمەش بووە هۆی پەرەوازەییو ئاوارەیی زۆرێك لە رۆشنبیرو شاعیرەکوردەکانی شاری کەرکوكو گیرسانەوەیان لە شارەکانی سلێمانیو هەولێرو بەغداو هەندەران...

پرۆسەی بەعەرەبکردنو بەعسیکردن رۆڵێکی کاریگەری گێڕا لە گۆڕینی سیمای شارو لێکترازانی شیرازەی کۆمەلاّیەتی شارەکە. ئەمەش وای کرد کە نووسەرانو شاعیران دوور لە زێدی خۆیان ژیان بەرنەسەر.

ئەم کارە نامرۆڤایەتیو دوور لە نەریتەکانی مافی مرۆڤو بیری پێشکەوتنخوازانە کاردانەوەو کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پرۆسەی رۆشنبیریو داهێنان بەجێهێشت. وێڕای ئەمەش دەسەلاّت هەرچی دەزگاو یانەو ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە رۆشنبیریو کلتوری کوردییەوە هەبوو دایخستن. ئیتر زمانی کوردی لە خوێندنو پەروەردەدا قەدەغەکرا کە بووە هۆی دواکەوتنی پرۆسەی گەشەی رۆشنبیریو داهێنانی ئەدەبی لەناو خودی شاری کەرکوکدا.

بۆیە ئەبینریٚ کە بەشێك لە داهێنانو بەرهەمە ئەدەبیەکان شێوازی جۆراوجۆری وەرگرت. دیمەنو تابلۆکانی سروشتی کوردستان، مێژووی کورد، دیمەنەکانی خەباتی میللەتانیچەوساوەی وەك لەئاسیاو ئەفریقیاوئەمریکایباشوور بوونە هێماو کەرەسەی دەربڕینی شیعری لای شاعیرانی کورد. هەر بەو کەرەسانە، جۆرێك لە دەربڕینی خۆشەویستی بۆ نیشتمانو نەتەوەو مێژووەکەی ئەبوونە کەرەسەی داهێنانی شیعری لەپێناو رەواندنەوەی خەمو ئازارەکانی کوردی کەرکوك.

لەو قۆناغەش بەدواوە بەهۆی ئەو ستەمەی لە کورد کرا. زۆری زوڵمو ستەم گەیشتە ئاستێك ئیتر کورد لە ئۆدەی نەما دەستەو ئەژنۆ لێی دانیشتن، ئەوەبوو دوای ساڵێك روناکیو ئاسۆیەك دەرکەوتو سەرلەنویٚ بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد دەرکەوتەوە خوێنێکی تازەو ورەیەکی پۆڵاینی بەبەرا هاتەوە. بەرەبەرە رێکخستنە نهێنییەکانی کارو چالاکی خۆیان خستەوەگەڕو زۆرێك لە شاعیران خۆیان لەناو ئەو بزوتنەوەیەدا بینیەوە، پاشان خەباتیان گوێزایەوە بۆ شاخو شاخ بوو بە پەناگەی شۆڕگێڕان... بەم جۆرە دۆخێکی نویٚ بۆ کورد هاتەکایەوە هەستکردن بە بوونی خود.

ئەو دۆخی هەڵسانەوەو سەرهەڵدانەوەی کورد تەکانێکی تری دا بە هەڵوێستی کورد خۆی، نووسەرانو رۆشنبیرانو شاعیران ئەو هێزەیان کرد بە پەناگەی خۆیان، هەندێکی تریشیان هەر بەو هەڵوێستەوە لە شار مانەوەو ناوە ناوە بە شیعرەکانیانو لەژێر ناوی خوازراودا شیعرو

بەرهەمەکانیان لە دەزگاو میدیاکانی شۆڕشدا بلاوئەکردەوە. ئەو شیعرو بەرهەمانەش هێمای بەرەڤانیو یاخی بوونو خۆشەویستی بۆ نیشتمانو نەتەوەو مرۆڤایەتی لەخۆگرتبوو، ئیتر کۆتو پێوەندی ترسو تۆقاندن ئەو توانایەی جارانی نەما.

لەم قۆناغەدا شیعر هەڵگری پەیامی بەرەڤانیو بەرگری بووە شاعیرانیکوردی کەرکوك چ لە شار چ لە شاخ حزوری بەرچاویان هەبووە. بە ناوەرۆکی تۆکمەو رووخساری لەبارو شیرینو خاوەن وێنەی هونەریو شیعری نوێوە هاتوونەتە پێشەوە. بە بەرهەمەکانیان شیعری کوردی ناوچەی کەرکوکیان لە قاڵبو هەندێ ناوەرۆکی باوو کۆن رسکاندو ئەدەبی کوردیمانیان پێ موتوربە کردووە، سیمایەکی نوێیان پێ بەخشی. کە لە تەوەرەکانی دواتردا بەشێکی ئەو سیما نوێگەرییانە ئەخەینە روو و تاوتوێیان ئەکەین وەك یاخیبوونو ناوەڕۆکی شیعریو ڕووخسار.

تەوەری دووەم:

یاخی بوون..

یاخی بوون وەك دیاردەیەکی نوێ لە شیعری کوردیدا سەریهەڵدا، چونکە واقیعی کۆمەڵایەتی کوردەواریو ئەو زوڵمو ستەمەی کە بە درێژایی مێژوو لێی کراوە، هەمیشە چەوساوەتەوە چ لەلایەن دەسەڵاتە داگیرکەرەکانەوە چ لەنێو خودی خۆیدا کە ململانێی چینایەتی تیایدا کاریگەری خۆی هەبووە. بۆیە لەماوەی ژیانیدا جۆرەها یاخی بوون و بەرپەرچدانەوەو کاردانەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا یان لەسەر ئاستی تاکەکانی، یان خێڵو عەشیرەتەکان سەری هەڵداوە. هەندێ جاریش ئاسەواری خراپی لێکەوتۆتەوە هەر ئەم بەرپەرچدانەوەی زوڵمو ستەمەش لای بەشێکی زۆری رۆشنبیران رەنگی داوەتەوە. بەپێی توانستو گونجانو نەگونجانی بارودۆخ راستگۆیانە بە رووی ئەو زوڵمو ستەمانەدا هەڵگەڕاوەتەوەو سەرکۆنەی ئەو دۆخەیان کردووە. تانەو تەشەریان لێ گرتووە.

ئەگەر لایەك لە شیعری نوێی کوردی بکەینەوەو بەپێی ئەو دۆخەی کۆمەڵی کوردەواریو ئەو گەشەیەی بەسەر شیعرو ئەدەبی کوردیدا هاتووە، ئەوا لای شاعیران کورد بوونیان هەیە بۆیە "یەکێك لە دیارترین هۆیەکانی یاخی بوون لە شیعری نوێی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی واقیعێکی نالەبارو نەگونجانی شاعیر لەگەڵ ئەو واقیعەو چڕبوونەوەی ئەو هەستە، دوای زیادبوونی هۆشیاریو بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری کە وای لێ ئەکات زیاتر هەست بە لێپرسینەوە بکات بەرامبەر بە پیشاندانی لایەنە نەنگو چەوتەکانی ئەو ژیانە تاڵە".(١)

شاعیری کورد بەرامبەر ئەو واقیعە تفتو تاڵە دەستەو ئەژنۆ لێی دانەنیشتووە بەڵکو هەر دیاردەیەکی دزێو، هەر نالەبارییەك کە بەسەر کورددا هاتبێ لە دەستی خۆیدا بووبێ یان هی دەرەکی، شاعیری کوردی کەرکوکیش بەرامبەر ئەو دیاردەیە هەڵوێستی هەبووە. سەرکۆنەی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا یاخی بوونی خۆی راگەیاندووە. یەکێ لەوانە لەتیف هەڵمەت کە لە هەموو رووداو و ئەو دیاردە دزێوانەی بەسەر کوردا یان دانیشتووانی شارەکەیدا هاتووەو پەیدابووە هەڵوێستی خۆی لە شێوازێکی یاخی بووندا نواندووە. لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی دۆخێکی

جێگیر لە بوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژووی کۆمەڵگای کوردیدا ئەکەن کە دەسەڵاتی کوردی لە رابردوو و ئێستادا هەوڵی گۆڕینی رووکەشیانە ئەدات نەك لە جەوهەردا لە هەناوی کۆمەڵگادا هەوڵی شاردنەوەو خەفەکردنی راستییەکان ئەدات نەك ئاشکراکردنیان. لەپێناو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگادا.

لە شیعرێکیدا بەشێوەیەکی رەخنە ئامێزو پرسیارکردندا هۆشداری داوە کە دەسەڵاتی کوردی ئەوسا هیچی نەگۆڕیوە ئەوە ئەڵێ کە نە کۆمەڵگا نە دەسەڵات نە تاکەکان نەیانتوانیوە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە رووی گەوهەرو ناوەرۆکەوە وەدەست بهێنن، بەڵکو گۆڕانی رووکەش و رازاندنەوەو ماکیاجە. ئەمەش ئەوەندەی تر لە پێشکەوتن و رزگاربوون دوورمان ئەخاتەوە لە دەقە شیعری (چیمان گۆڕی)*دا لەتیف پی لەسەر ئەوە دائەگرێ کە هەر بەڵێنێ داومانە نەمانبردووەتەسەر ئەو بەرنامانەی بۆ گۆڕان کراون یان هەوڵیان بۆ دراوە. هیچن و هیچیان نەکردووە. نە لە نەریت نە لە هەڵوێست نە باری رۆشنبیری نە لە سیاسەت نەمانتوانیوە بچینە پێشەوە.

بێگومان ئەم هەڵوێستە رەخنەو گلەیی و گازندەو یاخی بوونە لە کۆمەڵگا لە دەسەڵات، ئەم شکستە هی حەفتاکانە لەو قۆناغەشدا کورد بۆماوەیەك لە کوردستاندا دەسەڵاتی هەبوو تاوەکو ساڵی ١٩٧٤ ئەکرێ بەسەر ماوەی دوای ئەو دۆخەو ئێستاشدا جێبەجێ ببێ ئەوەتانێ تاوەکو ئێستاش کاریگەرییەکەی هەرماوە. ئەم دەقە بە یەکێ لە دەقە زیندووەکانی لەتیف ئەژمێررێ:

هەرچیمان وت هەر دەیڵێین درۆیە
ژەنگ و درزی پردەکانی نێوانمانی
پێ سواخ دەدەین وەکو بۆیە
گۆڕانی چی، چیمان گۆڕی (٢)

بەڵێنەکان درۆ دەرچوون هەموو بۆیە بوون بۆ ژەنگ و درز، کەچی دڵیش لە ژەنگ و رق پاك نەکراوەتەوە.

لەتیف رووبەڕووی دەسەڵات ئەبێتەوە کەوا کوردی لە خەم نەرسکاند پێچەوانەی ئەوە ئێمە کار بۆ بێگانە ئەکەین نەك میللەت، خواستەکانی ئەوانمان بەجێ هێناوە. بۆ خۆمان هیچمان نەکردووە.

ئۆتۆمبێلی سوڵتانەکانمان شۆری
دەستی چەوری دیوخانەکانمان شۆری
پێ و پێڵاوی بێگانەکانمان شۆری
بەڵام دڵمان هەر مایەوە بە شۆری
شۆرینی چی چیمان شۆری؟
گۆڕینی چی، چیمان گۆڕی!
چ بیرێکی کۆنمان پسان

قەڵای کام زۆردارمان رمان [٣]

بەواتایەکی دی لەتیف لەم تێکستەدا لەوە دەدوێت، داخۆ ئێمە توانیومانە هیچ گۆڕانکارییەك لە گەوهەری شتەکاندا بکەین، یاخود تەنیا رووکەش شتەکانمان گۆڕیوە.[٤]

لەتیف لە شیعرەکانیدا بەتایبەتی نێوان هەرەس‌و راپەڕین‌و زیاتر لە حەفتاکان‌و هەشتاکاندا. لە باسی نیشتمانی‌و بیرو ئایدیولوژیای نەتەوایەتیدا، زۆرێك لە شیعرەکانی تام‌و بەرامەی یاخی بوونیان لەخۆگرتووە. بەرامبەر هەموو دیاردە دزێوەکان، دەسەڵاتی ئەوساو کۆمەڵگای کوردەواریدا دیمەن یان تابلۆیەکی لەو جۆرانە نییە پەیامێکی یاخی بوونی بۆ نەبێ وەك کەمال میراودەلی ئەڵێ "لەهەموو شەقامێکدا، هەموو شارێکدا هەموو شورایەکی شیعریدا هەستی یاخی بوونە لە دڵییەوە دەچنە قەڵەمەکەی‌و لە دەروونیەوە هەڵدەڕژێتە سەر زمانی".[٥]

ئەگەرچی دیاردەی یاخی بوون لەناو کۆمەڵگادا هۆکارو فاکتەرەکانی بۆ کۆمەڵێ کارو کردەوەی دەسەڵات بێ یان تاکەکان. یان کۆمەڵگا بێت رەگ‌و بنەڕەتەکانی بۆ ئەو سەردەمەی سەرهەڵدانی دیاردە دزێوەکانی ئەگەڕێتەوە.. کەسانی هۆشیاریش هەر زوو هەستی پێ ئەکەن‌و بیرو هەڵوێستی خۆیان لەبەرامبەر ئەو کارانەدا دەرئەبڕن ئەشێ هەر کەسەو بەجۆرێك یان بە شێوازێك لە چیرۆکدا رەنگە وێناکردنی ئەو یاخی بوونە لە هەڵسوکەوتی پاڵەوان‌و کارەکتەرەکاندا بنوێنرێ. لە شیعریشدا شاعیر هەست‌و بیری خۆی بەرامبەر ئەو دیاردانە دەرئەبڕێ.

لە ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی لە شیعردا ئەکرێ بڵێین هەندێ دیمەن‌و تابلۆی یاخی بوون بۆ پێش ئەو ماوە دەستنیشانکراوە بگەڕێتەوەو کۆمەڵێ وێنەو تابلۆی شیعری لە شیعری شاعیران بەرچاو ئەکەون، چونکە ئەم دیاردەیە پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بە ئاڵوگۆڕە مێژووییەکانەوە هەیە لە هەر شوێنێکدا لەناو هەر میللەتێکدا، بەشێکی شۆڕشەکان شۆڕشە مێژووییەکان، هۆکارەکانی بۆ ئەو هەڵوێستی یاخی بوونانە ئەگەڕێتەوە واتە پەیوەندی بە واقیعی کۆمەڵگاوە هەیە. ئەم گوتەیەی عبدالوهاب بەیاتی بەسەر شیعری کۆمەڵگای کوردەواریدا جێبەجێ‌و پراکتیزە ئەکرێ کە ئەڵێ "لە پەنجاکان چەمکی شۆڕش لای ئێمە گەلێ روون‌و ئاشکراو دیارنەبووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێك لە یاخی بوون دژ بە دەرەبەگ‌و کۆنەپەرستی‌و دواکەوتووی هەبووە، ئاشکرایشە لە هەموو شۆڕشێکی مێژوویدا، هەڵوەشانەوەی واقیعە کە شتێکی ئاساییە هەموو شۆڕشێکی مێژوویش بە رەتکردنەوەی یاخی بوون دەستی پێکردووە.[٦]

یاخی بوون سیمایەکی دیاری شیعری کوردی کەرکوکی ئەو قۆناغە بووە. مارف عومەر گوڵ بە بەراورد لەنێوان لێرەو لەوێ واتە ئێمە مەبەست کورد شۆڕش ئەوان دەسەڵاتە. یاخی بوونی خۆی وا دەرئەبڕێ:

لێرە نەفرەت لە خۆفرۆشان

لەوێ ترس‌و سەردانەوان

لێرە نەبەردو سەرسەختی

لەوێ نوشوستی‌و سەرمەستی

تف لە ئێوە تف لە فووتان

چیتان نەکرد بۆ شەوێکی سەرمەستیتان
ئەگەر تۆزێ کەرامەتتان تێدا مابێ
کوانێ هەستی سەربەستیتان؟ (٧)

مارف عمر گوڵ بەوجۆرە دەسەڵاتی چەوسێنەری بەعسی ئەو قۆناغە رەت ئەکاتەوە بە جۆرێکی وا دای ئەشۆرێ. ئەمەش لوتکەی بێزاریو یاخی بوونە بەرامبەر بە دەسەڵات بێگومان ئەم هەڵوێستەش لە جورئەتو بێ باکییو نەترسانەوە سەرچاوەی گرتووە کە خۆی لە خۆیدا داهێنانە لە شیعردا. ئەو قۆناغەی رژێمی بەعس کوردی خستبووە ژێر فشارێکی زۆرەوە. ئازادی دەربڕین. بیرو هۆشیاریو بیرکردنەوە سامانو هەموو شتێکیان لێ قەدەغە کردبوو. وێڕای چەوسانەوەش کوشتنو بڕین تاکەکەسیو کۆمەڵی کوردی. لەو دەمانەشدا کەسانی هۆشیارو خاوەن هەڵوێست بەتایبەتی شاعیران کە لەپێش هەمووانەوە درکیان پێ کردووەو لەو بارە ستەمو جەورە یاخی ئەبوون. شاعیرانی کوردی کەرکوکیش وەك خاوەن هەڵوێستو هەستیار بێدەنگ نەبوون رازو توڕەیی خۆیان بە شیعر دەربڕیوە. راستەوخۆ بێ یان ناراستەوخۆ یاخود بە هێما توانیویانە ئەو ستەمو زوڵمە رەت بکەنەوە دژی دەسەڵات وەستاونەتەوە... چونکە کەسو یاخود مرۆڤی داهێنەرن "لەسەر مرۆڤی داهێنەرە یەکەم هەناو رەتکردنەوەی دەسەڵاتە بە هەموو مانایەکەوە". (٨)

سەلام محمدی شاعیریش هەر لە یەکەم دانانی شیعرەوە هەروەها ئەوەی چاپی کردووە. بە شیعری سەربەست دەستی پێکردووە. ئەویش وەك شاعیرانی هاوتەمەنی خۆی لەژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبیدا بووە. ئەو گۆڕانکارییانەی لە فەزای شیعری عەرەبی لە بەغدا هاتبوونە ئاراوە لای ئەمیش رەنگی داوەتەوە یەکێ لە سیما نوێگەرییەکەی سەلام ئەوەیە کە بە شیعری ئازادو سەربەست دەستی پێکردووە. هەروەها بەکارهێنانی رەمز لە داڕشتنو وێنەکاندا، داهێنانی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتیو سیاسی کردنیان بە کەرەسەی داڕشتنی شیعری. بێ لەوەش بە کوردییەکی پەتی رەوانو گەڕان بەدوای وشەی بنجی کوردەواری نووسیوێتی. سەبارەت بە یاخی بوونیش ئەویش وەك شاعیرانی تر کۆمەڵێ شیعری یاخی نووسیوە بەڵام بەوەی لە وێنە شیعرییەکانداو بەکارهێنانی هێمادا. لەناو شیعرەکانیدا سروشتو کچو دڵدارو نیشتمان کەرەسەی دەربڕینی شیعرین، هەروەها خەمی کۆمەڵگاو چەوسانەوەی نەتەوایەتیو خەمی دابڕان لە زێد لە خۆشەویست لە هەموو دیمەنەکانی شار بوونەتە هەوێنی شیعری شاعیرانی کوردیکەرکوك. بۆ دەربڕینی تفتیو تاڵیو نەهامەتییەکانی میللەت ئەمانە لای سەلامیش وا رەنگ رێژکراوە. چونکە خەم وەك مۆتیڤ وەك کەرەسەیەك بووەتە کەرەسەی ئەفراندنی شیعری ئەمەش خۆی لە خۆیدا رەنگدانەوەی بارودۆخێکی ئاڵۆزی پڕ ستەمی کۆمەڵایەتییە. ئەمانگەیەنێتە ئەوەی کە "هونەر دەرەنجامی وێنەیە وێنەش داهێنانی شاعیرو هونەرمەند ئەکاتە کارێکی هونەری". (٩)

هەموو ئەم خەمو کەسەرانە لای سەلام ئەبنە مۆتیڤو جۆرە یاخی بوونێکی کۆمەڵایەتی لێ ئەکەوێتەوە. دەربڕینەکەش زۆرجار بە کەرەسەی دیمەنو دیاردە سروشتیەکانەوە دەرئەبڕێ.

بۆ ساڵانی خۆشەویستیت ناخەیتە ژێر

گڕو پریشکی دەستاڕی ڕۆژگارەوە
بۆ نازانی تۆ نەفرەتت لێ کراوەو بێ وڵاتی
ئیمشەو زامی وڵاتەکەم
بۆتە کۆترێکی سپی
دڵەکەی کردۆتە هێلانەی نازو
ماچم ئەکاو ماچی ئەکەم
ئەی سەرخۆشەکەی شەوانی بەفربارین
بیرەوەری خۆڵەمێشە
ئەگەر نەڕۆی جێ ئەمێنی
تۆزی شوێن پێ ئەتخنکێنێ
ئەوا هاتن لە دورەوە ئەیانبینم
ڕەختو زینی ئەسپەکانیان
گۆشتی ویژدانی هەزاران دەربەدەرە(١٠)

ئەم تێکستە, کۆمەڵێ دەلالەتی یاخی بوونی لەخۆگرتووە. وەك: بێزاربوون لە تەوقو ستەمی دەسەڵات ,سەلام وا بە بەرامبەرەکەی ئەڵێ بە خۆشەویستەکەی ئەڵێ: نەفرەتت لێ کراوە چونکە بێ وڵاتی.

لەوێدا زامی وڵاتو پەلاماری نەیاران بۆ سەر دڵی خاك پاش دەربازبوونوکۆچو دیسانەوە گیرسانەوە لە ئامێزی وڵاتێکی بڵندو ئازادی وەك قەندیلو کوێستان.. ئەم بە هێماکان هەموو دیاردە دزێوەکانی چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی نەتەوایەتیو سیاسی وێنا نەکاتو وەك کەسێکی یاخی لەو دیاردانە. دێتە گۆو وێنەیەکی جوانمان پێ ئەبەخشێ.

لای کەساس جەباریش زیاتر یاخی بوون لە دەسەڵاتو ستەمی بەعسە. لە چەندین تێکستی شیعری وەك نامەی ناو سەنگەرێك ل٥٩ و شەهید ل٦٣ و ٦٤ و گڕ ل٦٧ و تەقینەوە ل٦٩ و ٧٠ی دیوانەکەی زۆر بەتوندی یاخی بوونی خۆی ئاشکرا ئەکات.

لە شیعری تەقینەوە کە هی ساڵی ١٩٨٣ لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بڵاوکراوەتەوە. یاخی بوونەکەی تێکەڵ بە واقیعێکی یان دیمەنێکی شاری کەرکوك کردووە. ئەڵێ:

لە شوریجە
لە بناغەی خانوویەکی وێرانەوە
منداڵێکی ڕەشو ڕووتی مەچەك ئەستوور
وەك بروسکە سەری هەڵدا
هەردوو دەستو قاچەکانی هاتنە یەكو
گرمۆڵەبوون بوون بە بۆمبا
لەناو سکی مۆڵگاکەدا تەقییەوە
لەو ڕۆژەوە مۆتەکەی ترس

له هەناوی زۆردارانا بوو بە رەگو ریشەو روا (١٢)

ئەو لە روانگەی ئایدیولوژیەتی سیاسیو نەتەوایەتییەوە ئەڕوانێتە دەسەڵات بە شیعر یاخی بوونی خۆی ئاشکرا کردووە: دژ بە دەسەڵات رژێمی بەعس. وەك پێشمەرگەیەك لە رووداوەکان ئەدوێ ئەمەش سیمایەکی یاخی بوونە. لە دیدی شاعیرانی نەوەی نوێدا هاتووەتە ئاراوە. چونکە "سەرجەم شیعری شاعیرانی نەوەی نوێ یاخی بوون بەگژاچوونێکی ژیرو وریا ئەخەنە بەرچاو کە لەلای هەریەکێکیان و بەپێی ئایدیولوژیەتو فەلسەفەی تایبەتی خۆی لەسەر پرۆگرامێکی دیارو ئاشکرا بۆ ئامانجێکی روون بە پێ ئەکرێن". (١٣)

ئەوەتا حەماسە نەتەوایەتییەکەیو رقە پیرۆزەکەی بە تەقینەوە دەرئەبڕێ وەك لە چەندین تێکستی تریشدا بانگی یاخی بوونەکەی ئەدا نەك هەر ئەم بەڵکو شاعیرانی تری پێش خۆی چارەسەرەکان لە لوولەی تفەنگەوە ئەدۆزنەوە. شێرکۆ بێکەس ئەڵێ:

تەنیا لە لوولەی تفەنگدا

چاوی هەڵدێنێ

هەق بانگ ئەدا

تەنیا هەر لە ئاستی چەکا

داگیرکەر مل کەچ ئەکا! (١٤)

جۆرێکی تری بەرەڤانیو یاخی بوون لە دیدو روانینی لەتیفدا وەها کارێکی کردووە کە بە هێما ئەو یاخیو روانینە لە شیعرەکانیدا ئەخوڵقێنێو تابلۆی نێو زیندانەکان دەرئەخات کە هی ستەمو زوڵمو زۆری دەسەڵاتە بەرامبەر بە تاکی کورد. تەنانەت کۆمەڵگاکەشی.

لە شیعری "بزمار"دا وا ئەدوێ

درۆ نییە ئەگەر وتیان لە بازاڕی جیهاندا

قلیَ بزمار نەماوە

درۆ نییە

لە بەندیخانەکاندا

بە پەلو پۆی دڵدارانی گوڵو خۆردا

داکوتاوە. (١٥)

هەر ئەم تابلۆیەش لای مارف عمر گوڵ بەم جۆرە رەنگی داوەتەوە.

زیندان رۆژی چەندین کەسی وەکو منی لا میوانە

ئەی میوانی ژێر زەمینی ئەنگوستە چاو

ئەم زیندانە پڕ تاوانە

چەند شەهابو چەند جەعفەرو چەند ئەنوەری تیا خنکاوە

یا باوەڕی گیانی چەندین کۆڵنەدەری تیا فڕیوە

بۆ سەر دەستی پێشمەرگەی شاخ

چەندین بەستەی قادر کابان
لێرە بوون بە لاوکی ئازارو ئاخ [١٦]

لای زۆربەی شاعیرانی کوردی کەرکوك یاخی بوون‌و ماناکانی پانتاییەکی فراوانی شیعرەکانیانی گرتۆتەوە دەلالەت‌و هێماو کەرەسەکانیش وشەی پێشمەرگە، شۆڕش، شەهید، زیندان‌و گڕ، تۆڵە، تا دوای کە ئاماژەی یاخی بوونن، چونکە ئەو قۆناغەی دوای هەرەس‌و بەتایبەتی لە هەشتاکانداو لەوەش بەدواوە قۆناغێکی یەکجار پڕ ستەم‌و کوێرەوەری بووە بۆ کورد. کە وێڕای سووتان‌و وێران‌و سوتماك کردنی خاکەکەی لە شارەکاندا گەنج‌و لاوی کورد راپێچی زیندانەکان ئەکران‌و بەتایبەت خەڵکە بوێرو خاوەن هەڵوێستەکان، بۆیە زیندان‌و پێشمەرگەو شەهید بووبوونە بەشێکی ژیانی کوردەواری نێو شاری کەرکوك، هەر ئەو ژیانە پڕ چەرمەسەرییەش لای شاعیرانی ئەبوونە بابەت‌و ناوەرۆکی یاخی بوون.

کە رۆژهەڵات لە گەرمیاندا چی پۆستاڵی ژەندرمەیە
لەسەر رێگاو تەختایی دا
تەپ و تۆزی زرێ پۆش‌و دەبابەیە
لە ئاسماندا گرمەگرمی ناپاڵم‌و فڕۆکەیە
لە شاخیشدا هەر قرمەی چەکی دەستی پێشمەرگەیە
کە شەویش هات کە رۆژێکی تریش هەڵات
لە شاخ و دەشت
ورەو هێزو دەسەڵاتی داگیرکەران
گشتیان لەژێر پێڵاوەکەی پێشمەرگەدان [١٧]

شاعیرانی هەر زوو هەستیان بە ستەم کردووە. ئاگایان لە هەموو ئەو ئازارو نەهامەتیانەی میللەتەکەیان بووە. چ لە شار لە شێوەی هێمادا چ لە شاخیش وەك پێشمەرگە بە ئاشکرا شیعرەکانیان لە شێوەی یاخی بووندا ئاراستەی دوژمنانی کوردیان کردووە. کە دەسەڵاتی بەعسی ئەوسای بووە. چونکە "مرۆڤی یاخی لە نزیکەوە ئاگای لە عەزاب‌و هەژانی جوانیەکانی ژیانەو بە بڕوای ئەو دەبێ سیاسەتیش ملکەچی ئەو حەقیقەتە بێت". [١٨]

تەوەری سێیەم: ناوەڕکی شیعری

لەم تەوەرەدا تیشك ئەخەینە سەر ناوەڕۆکی نیشتمانی‌و نەتەوەیی چونکە ئەم ناوەڕۆکە ئەگەر چی لەقۆناغەکانی پێشووشدا بوونیان هەبووە. شاعیران لەشیعرەکانیاندا وەك بابەتێکی سەرەکیی شیعر بایەخیان پێداوە، ئەشێ لەهەندێ قۆناغدا جیا لەو قۆناغەی دەسەڵاتی بەعس‌و ڕژێمی عێراقی ئەوەندە سانسۆری لەسەر دانەناوە، شیعرەکانیش زیاتر لەچوارچێوەی وڵات‌و میللەت‌و هەندێ دیمەنی سروشتی کوردستاندا سوڕاونەتەوە بەڵام لەسەر شێوەو روخساری کلاسیزمی بووەو تێکەڵ بەبیری ئاینی..

لەو ماوەیەدا شاعیرانی ئەو قۆناغە وێڕای ئەو دۆخە نائاساییەی کوردستان کەرکوك

بەتایبەتی سوسەیەك ئاسۆیەك نەبووە تاوەكو مرۆڤی كورد ئاخو داخەكانی خۆی هەڵبڕێژێ، چونكە بەر شاڵاوی گرتنو راوەدوو ئەكەوت كەچی هەندێك لەشاعیرانی كورد ئازایانە خۆیان لە قەرەی ئەو باسو خوازانەداوە. بەشێوازی جۆراوجۆر رازو نیازی خۆیانو میللەتەكان دەربڕیوە.. بەتایبەت وڵات خاك كە لای میللەتانی سەر زەوی دایكە. دایكی تاكو كۆمەڵە. بۆ بەلای مارف عمر گولْ بووەتە دایكو بەباڵایدا هەڵ ئەدا لای ئەو دایك كوردستانە كوردستانی داگیركراوەو ستەمی لێكراوە..

من دایكم هەر نەدیوە
بەڵام خۆشەویستی خاكی
پێگەیاندم
گڕی ژانی دڵی ئارامی هەژاندم
هەموو شەوێ دەستو پەنجەم دەناڵێنێ
دەستو پەنجەی گەنجەكانی
تا بەیانی خەویان لەبیردەچێتەوە
هەموو سەرچۆپی بۆ دەگرین
بۆ بەیانی
ئەی وڵاتە شیرینەكەم
لەمناڵیمەوە ئازار لەسینەم دەناڵێنێ
خەندەو خۆشیش لەسینەمدا كپ كەوتووە
من دایكم هەر نەدیوە. (١٩)

هەر لەم شیعرەدا شاعیر شیعرێكی بابلو نیرۆدای كردۆتە هەوێنی شیعرەكە چونكە هەردووكیان چارەنووسو ژیانی میللەتەكەیان لە یەك ئەچن.

دیمەنی رقو تۆڵەی دوژمنانی كورد وای لە شاعیر كردووە لە ڕێگای پرسیارگەلێكەوە بێزارییەكان دەرئەبڕێ كەوا چۆن دوژمنان كوردستانیان كاولو وێران كردووە. كردوویانەتە سوتماك. تەنانەت رەزو باخیشیان نەهێشتووە ئەوەتا ئاماژە بە شوێنە زاكەی مەولەوی ئەكات سوتانی ئەوێو سووتانو برژانی خۆی پێكەوە تێكەڵ ئەكات.

وا گوندەكەی مەولەویشمان بوو بە نەبوو
بڵێسەی ئەو وێرانەیە گەیشتە لام بە ئاسمانا نەهات بەڵام
لەكوێ وە هات؟!
بەناو دۆڵو چەمەكانی كوردستانا
بەسەر پشكۆی ئاگردانی ناخی خەمخۆری نیشتمانا
هاتو هەمووی بەگڕ سووتاند

منیش برژام وەکو قەقنەس منیش سووتام [٢٠]

سووتانی خاکو گوند سوتانی شاعیرە قەقنەس ئاسا لە نالێنو گریانو سووتانایە ئەوەش لەپێناوی خەمی نیشتماندا.

لە پرسیارێکی تردا تورە ئامێز لە هۆڵی گوڵو لاولاوی نیشتمانو خاکدایە.

بۆچی کۆتی توڕەی رقتان لە گەردنی

لاولاوی ناو سەوزەڵانی ئەم زەوییە دەئاڵێنن؟

بۆ چرنووکی ناحەزیتان لە کەمەری چیای گیانم گیر دەکەنو

هەرچی قینی ناکەس بەچەی مەرامتانە

بۆ سەر گوڵو هەڵاڵەی ناو مێرگەکانی نیشتمانمان دەبارێنن؟ [٢١]

ئەمانە هەموو پرسیاری شاعیرن لە کەرکوکەوە جەستەی خۆی تێکەڵ بە خەمی کوردستانو نیشتمان کردووە، بەوجۆرە پەردەی رقو کینەی ناحەزانی کورد هەڵئەماڵێ ئەم رقەی دوژمن وا لێك ئەداتەوە.

هەر لەنێو هەناوی ناوەرۆکی نیشتمانیو نەتەوایەتییەوەو بەوپێیەی باسکردنی کوردستانو کورد لەو دەمەدا سانسۆری لەسەربووە. زۆر لە شاعیران گەلێکی تری وەك فەلەستینیان کردووەتە هێماو مۆتیڤی شیعرییان. چونکە ئەو گەلەش وەکو کورد خاکەکەی داگیرکراوەو بەش مەینەتو چەوساوەیە تاکە رێگایەك بۆ خەبات خەباتی چەکداری گرتووەتەبەر.

رژێمی عێراقیش یەکێ بووە لەو رژێمانەی کە خۆی بە دڵسۆزی ئەو گەلە زانیوە لەو دەروازەیەوە شاعیرانی کورد گەلی فەلەستینیان کردووەتە ئاماژەو هێمای بەرخودانی کورد. وەکو رەمزێك چەند تێکستێکیان پێشکەش بەو گەلە کردووە بۆئەوەی شیعرەکانیان لە سانسۆر دەربازبێن ئەگینا وێڕای هاوسۆزی بۆ فەلەستین هەر مەبەستو ئاماژەکەش کوردو خەباتەکەی بووە، بۆیە شاعیر لەپاڵ ئەم پێشکەش کردنەدا مەبەستی دەرخستنی ستەمی داگیرکەر دژ بە کورد بووە. بەم شێوەیە دوژمنەکەی سەرکۆنە کردووە

با ئیتر بەس گلێنەمان لەبەر تۆفو لەژێر زوقما دابڕزێ

بۆچی دەبێ رێی رەهێڵەی تەمەنی شاخ

سەری بەرد بێ بداتەوە بەسەر شاخا

ئەی رێی ژیان بەردەبازو پەڕینەوەی پێویست نییە

تا بگەیتە ئارامگەی بەختەوەری [٢٢]

ئەم شیعرە لە ساڵی ١٩٨٠ نووسراوە پێشکەش بە گەلی فەلەستینی کردووە. ئەو بارودۆخەی دوای هەرەس کوردی خستە نێوان بەرداشی رێکەوتنامەی جەزایری نێوان ئێرانو عێراقەوە کە دۆخێکی ئالۆزی بۆ کورد لێکەوتەوە هەرچی بەهاو ئیرادەیەکی هەبوو لێی داماڵرا. بەهاکانیش لێکترازانو بەرەو خاوبوونەوەو هەرەس رۆیشتن. کورد خاوەنی خودی خۆی نەبوو. دوژمنان بە ئارەزووی خۆیان ئەیهێناو ئەیبردن. ناوچەکە بووە جێی ماتەمو خاکساری، ئەم دۆخە کاردانەوەیەکی بەرچاوی لەسەر شاعیرانو رۆشنبیران جێهێشت. وای کرد کە شاعیر لە ناخی

خۆیدا بریندار‌بێ. چەرمەسەرییەکان ئەوەندە قورس‌و گران بوون شاعیر پێی هەزم نەئەکرا. بۆیەکا بەشێوەیەکی وا هەڵوێستی خۆیان دەربڕیوە. کە دەسەڵات هەستی پێ نەکات وەك ناچارییەك پەنای بردووەتە بەر رەمزو هێما. نزیکترین‌و لەبارترین هێما گەلی فەلەستین بووە وەك لەپێشەوە ئاماژەمان پێداوە.. ئەحمەد زامداریش ئاوارەبوونی کوردی لە دیدی ئاوارەی فەلەستینەوە بینیوە هەم وەك هاوسۆزو هاوئازاری فەلەستین. چونکە ئەوانیش وەك کورد بێ پەنابوون هەم بۆ خۆ رزگارکردن لەو سانسۆرەی رژێمی عێراق ئەوەتانێ ئاوارەی‌و خەمباری گەلەکەی بە دۆخی گەلی فەلەستین وێنا ئەکات لەژێر ناونیشانی "نامەیەکی ئاوارەیەکی فەلەستینی"دا سۆزو رازەکانی دەرئەبڕێ:

شیرینەکەم

زەردەپەڕی گەرمیان‌و کوێستان

ئاسۆی وشەکانم

کپی‌و مەنگێتی دەروونی پڕ لە هیوام

ئەی سەرەتاو دوا دێڕی هۆنراوەکانم

واتای شەوانی ژوانم

کاتێ ئاوارەی کوێستان دوور لە من بووی

گەرمیانی زامەکانم هاتنەوە ژان (٢٣)

کێشەی چەوسانەوەی نەتەوایەتی زوڵم‌و ستەم لە میللەت‌و نیشتمان لای سەلام محمد کێشەیەکە بڕانەوەی نییە. دەستی ستەم ئەگاتە شەقام‌و بازاڕو شارو خەڵکی هەژارو بێ دەرەتان هەموو ئەمانە ئەگۆڕێ‌و سیمای جوانی شار ئەسڕێتەوە.

سوارەکان دێن

ناوی شارو

شەقام‌و بازاڕ ئەگۆڕن

دەست‌و پەنجەی خەلوزاوی

سیمای ناکام

چاوی قووڵی فرمێسکاوی ئەسڕنەوە (٢٤)

تێکستەکە رەنگدانەوەی ئەو رەوشە ئاڵۆزەی کوردی دوای هەرەسە بەتایبەتی لە شاری کەرکوك کە رژێم هەموو رواڵەت‌و سیماکانی ئەو شارەی گۆڕی‌و لە پرۆسەی بەعەرەبکردندا سیما جوانە گەورە کوردەوارییەکەی سڕییەوە.

لە شوێنێکی تردا دیمەنی مەرگەساتی کۆمەڵی خستووەتە پێش چاو کە لای دەسەڵاتی سەردەست ئەوەندە بەهاو نرخی نییە. چونکە بەها مرۆڤایەتییەکان لە دیدو ئایدیای بەعسدا نەبووە. سەلام ئەڵێ:

بۆ ساڵانی خۆشەویستیت ناخەیتە ژێر

گڕو پرشنگی دەستاڕی ڕۆژگارەوە

بۆ نازانی تۆ نەفرەتت لێکراوەو بێ وڵاتی

بۆ نازانی

هەموو جیهانیش بسووتێ خەمت نانە

خەم ناسووتێ [٢٥]

لەتیفیش یەکێکە لەو شاعیرانەی کەرکوك کە هەر لەسەرەتای شیعر نووسینیەوە لە کفری سەری دەرهێناوە بەڵام بەشێکی ژیانی لە کەرکوکدا بووە. بەرهەمێکی زۆرو بەپێزی هەیە. هەر لە خواو شارە بچکۆلەکەمان و ئامادەبوون بۆ لەدایکبوونێکی ترو پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان‌و کوێستانمەو ئەو هۆنراوانەی تەواو ئەبن‌و تەواو نابن‌و سرودی هەژاران‌و گەردەلوولی سپی‌و تا دوای کە ئەکەونە نێو ماوەی ئەم توێژینەوەیەوە. هەریەکەیان ڕەنگدانەوەو ڕەنگ پێ دانەوەی قۆناغێکن لە قۆناغەکانی ژیانی خۆی‌و هەم میللەتەکەی، هەریەکەیان سیماو خاسیەتێکی تایبەتییان لەخۆگرتووە. لە کۆبەندی ئەو ناوەڕۆك‌و بابەتە نوێیانەدا وەك دیاردەیەکی نوێگەری چ لەسەر ئاستی کوردستان چ لەسەر ئاستی کەرکوك کە خۆی لە چەندین خاسیەت‌و سیمادا ئەبینێتەوە وەك کەمال میراودەلی ئەڵێ "چوار خاسیەتی شیعری لەتیف هەڵمەت بەلای منەوە وەك دیاردەیەکی شیعری تەواو دەکەن:

١. تازەیی شێوەو ناوەڕۆك
٢. یاخی بوودا
٣. ئەوپەڕی دڵسۆزی‌و ڕاستگۆی‌و سادەی‌و ڕوونی [٢٦]

بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی لە خوێندنەوەیاندا دەرئەکەون کە جۆرە یاخیبوونێکی پێوە دیارە. یاخی لە بارودۆخ. لە دیاردە دزێوەکان. لە دەسەڵات لە بیرو دیدی چەقبەستو دواکەوتووی کۆمەڵ‌و تاکەکان کە لە تەوەری پێشودا ئاماژەمان پێداوە. لەگەڵ ئەمەشدا سیمایەکی تر شیعرەکانی لە شێوە پەخشانە شیعردایە. کە لە کارتێکردنی شیعری عەرەبییەوە سەرچاوەی گرتووە. بەتایبەتی نەیاری ڕەوتی (شیعر ٦٩)ی فازل عەزاوی‌و هاوڕێکانی کە ئەوسا باو بوو. [٢٧]

لە کەیسی نەتەوەیی‌و نیشتمانیدا یاخود ئەم ناوەڕۆکە پانتاییەکی فراوان‌و بەرچاوی شیعرەکانی داگیرکردووە. سەبارەت بە نیشتمان وا ڕوانیوێتیە خاك‌و نیشتمان خودی خۆی بە ڕەگ چواندووە چۆن لە خاکدا ڕۆئەچێ‌و پێیەوە وابەستەبووە. لە تێکستێکی دایەلۆگ ئامێزدا لەنێوان داربەڕوو و پەڵە هەورێکدا لە زمانی داربەڕووەوە ئەڵێ:

داربەڕوویەکی تینوو بانگی پەڵە هەورێکی کرد

ئەی پەڵە هەورە دورەکە بشکێنە تینوێتی لێڵم

ئەی دارەکە وەرە بۆلام خۆت بدەرە بەر شەستەبارانی وێڵم

وەرە بۆلام لێم مەترسە خۆ من نە پاچم نە بێڵم

ئەی هەورەکە تۆ دووریت و ئاخر منیش

خۆ ئەگەرچی بشمکوژی

تینوێتی تاڵو لێڵم

لەم خاکەدا ڕەگم هەیەو جێی ناهێڵم [٢٨]

دایەلۆگ لەنێوان داربەڕوو و هەورو خودی شاعیر ئەوە ئەگەیەنێ کە مرۆڤ چ بەسەردابێ بەرگەی نەهامەتییەکانو دیاردەو ڕووداوە خەمناکەکان ئەگرێ چونکە وابەستەیە بە خاکو نیشتمانی خۆیەوە. وەك ڕەگی دارە خاکیش کە کوردستانە بەم شێوەیە ناخی خۆی والا ئەکات.

ساڵی هات و چوو کەو گەورە بوو

کە باڵی گرت

شەوێ پەنجەرەکانی شکان

بانگی لێ کرد کچی سوڵتان

بۆ کوێ دەڕۆی ئەی کەوی جوان

کوێ لە کۆشم گەرمترە

چی لەم کۆشکە بەرزترە

کەوی فێرە بەفری کوێستان

وتی لوتکەی چیاکانی کوردستان [٢٩]

لەم تێکستەدا هەر تەنها وشەی کوردستان واتایەکی دیاری هەیە بەڵام کەرەسەکانی تر کەو، سوڵتان، کچی سوڵتان، هەڵفڕین هەموویان واتای تری وەك سوڵتان بۆ هێزو دەسەلات، کەو، مرۆڤی نێو زیندان، ماڵی سوڵتان، کۆشك، چوێنراوە بە زیندان، کۆتو پێوەند. ئەگرینەوە وابەستەبوونی باڵندە. بوونەوەر بە خاكو زێدی خۆیەوە. لەتیف لە شیعرەکانیدا دایەلۆگی نێوان کەرەسەو پێکهاتەو دیاردەکانی سروشتو مرۆڤدا ئەخولقێنێ. لەپێناو ئەفراندنی بیرێك دەقێك کە سیمای نەتەوایەتیو نیشتمانیو مرۆڤایەتی ببەخشێ. دور لە کۆتو پێوەند زۆرداری. دابڕانو شوێنی بنەڕەتی ئەو کەرەسانە یان وەك ئەو بوونەوەرانە کە هەموویان هێمان بۆ دۆخێکی تری تایبەت بە کوردو نیشتمانەکەی. وەك لەم دەقەدا هەورو یارو ڕەگو هەڵگوردو کەو کە نموونەی ئەو دۆخەن.

ئەی هەورەکە مەڕۆ مەڕۆ

پەڕو باڵی خۆت مەخەرە ناو ئاگرو گەردنی خۆت مەخەرە

زەبری چەقۆ

وەرە دواوە لە هەر کوێ بێ قامچی ئێمەت

لەسەر پشتەو کۆتی ئێمەت لەملدایە

ناکرێنەوە لە ئەستۆت [٣٠]

لەم دایەلۆگو گێڕانەوەیەدا هەر لەو دەقەی پێشوو ئەچن. کەو و کوێستان، کۆشکی سوڵتان لێرەدا هەور بەندیە بیابان زیندانە پاسەوانو حەسحەسەکان دەسەلاتن کە بێدادی تیادا باڵادەستە.

دیسان هێماکان‌و نموونەو سونبولی تر دواتر هەر دێنە زمان کە لەپێناو خۆشەویستەکەیدا شاخ‌و کوێستانەکان کێومالْ ئەکات بۆ گوندەکان ئەگەڕێ خۆشەویستەکەی لێیە. چاوەڕوانێتی. تاوەکو گەردانەیەك لەو گوڵی کەژو کێوانە بهۆنێتەوە لە گەردنی بدات. پاسەوانیش هەر بەدوایەوە تا لە پەل‌و پۆ ئەکەوێ، ئەڵێ:

من قاچم مرد

هەور قاقا پێ ئەکەنێ و وتی وەرە ماڵەکەمت

پیشانبدەم لەسەر هەڵگورد (٣١)

هەڵگورد چیایەکی کوردستانە شوێنی بەرخودانی کوردانە هێمای خەبات‌و تێکۆشان پەنای کوردە. دیسان ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە هەور تایبەتە بە کوێستان کوێستانیش هێمایە بۆ کوردستان.

کوردستان ئەوەندە پیرۆزە لەتیف زۆر لەسەرووی خۆشویستنە مەجازییەکەوە (جەستەییەکەوە) داینا‌وە. ئەوەتا لە دەقی (پێشنیازێك بۆ خەلیفەی سەدەی تاوان)دا ئەڵێ:

لەبەر دەرگای سەدەی گەورەی تاوان دا

لە بارەگای سەدەی چەقۆو درۆو ژان دا

لێیان پرسیم کێت خۆش دەوێ

دڵدارەکەی تۆ کێیە؟

شیرینە یان خەجێ یە؟

کام پەرییە کام جوانە

پێیانم وت. دڵدارەکەم کوردستانە (٣٢)

خاك‌و وڵات کوردستان ئەوەندە لای پیرۆزەو بە قیبلەنوماو رووگەی خۆی ئەیچوێنێ. نەك وەك ئەوانەی بە ئافرەتی رووت‌و جوان بیبەن بۆ ئەو شوێنانەی مەبەستیانە. چونکە نەیاران‌و دوژمنان نەك هەر داگیرکردنی کوردستانیان مەبەست بووە. بەڵکو نیازی لەوە خراپتریان هەبوو. لەم تێکستەدا لەتیف پێیاندا هەڵئەشاخێ بە ورەیەکی پۆڵاینەوە باس لە پیرۆزی وڵات‌و باس لە بەرگری کردن‌و قوربانیدان بۆ میللەت ئەکات لەپێناو پاراستنیدا.

وڵات

کاتی هاتن وایان زانی وڵاتەکەم

ئافرەتێکی رووت و جوانە

پێیان دەکرێ بیبەن بۆ کام ئاودەستخانە

وایان زانی وڵاتەکەم ئافرەتێکی رووت و جوانە

شێت‌و شەیدای ئونگستیلەو مەمکدانە

دەخەڵەتێ بە دوو تەوقەو پێنج شەش شانە

نەیان زانی وڵاتەکەم کەعبەیە

هەزاران بە دەوری دا پاسەوانە (٣٣)

تەوەری چوارەم:

نوێکردنەوە لە رووخساردا

لەم تەوەرەدا تیشك ئەخەینە سەر هەندێ بابەت لە بەکارهێنانی وشەو فرێزو وێنەی شیعریو دیوی دەرەوەی تێکستی شیعر بەتایبەت قافیە، چونکە ئەو تازەگەرییە کە لە شیعری کوردی کەرکوکدا هاتبووە ئاراوە نەك هەر لەرووی ناوەرۆکەوە بووە. بەڵکو رۆخساریشی گرتەوە. لە گۆرینی قافیەدا لە بەکارهێنانی وشەی نوێو کوردی پەتیو وێنەی هونەری شیعریدا بەوپێیەی کە شیعر چەندین بونیادی سەرەکی هەیە پێکهێنەرەکانیش بریتین لە "ئەزموونی شیعریو مۆسیقاو وێنەی هونەریو یەکێتی بابەتو بیرۆکە پێکدێ".[٣٤]

بۆیە لە شیعری کوردی کەرکوکدا بەکارهێنانی وشەی نوێ کە تایبەتمەندیو رەنگدانەوەی خەباتو تێکۆشانی نەتەوایەتی کۆمەڵگای کوردییان پێوە دیارە وەك پێشمەرگە، خەبات، گڕ، ئاگر، بەرخودان، شەهید ئازادی رزگاری تادوای. ئەمانە مۆتیڤگەلێکی بەرچاوی شیعری شاعیرانی کوردی کەرکوکی ئەو قۆناغە بوون. کە کاریگەری دیاریان لەسەر رەنگو بۆی شیعری کوردی هەبووە. تەکتیکی دەرەوەشو کە لەگەڵ یاخی بوون لە ناوەرۆکدا بوون بە دوو سیماو خەسڵەتی ئەو تازەگەرییەی شیعری کوردی کەرکوك. بۆیەکا گۆرانێکی بنەرەتی بەسەردا هات و

قاڵبو روخساری شیعرییان گۆری لە شوێنیدا قاڵبو روخساری نوێیان هێنایە ئاراوە. لە وێنەی شیعریو لە کێشو سەروادا.

سەبارەت بە بەکارهێنانی وشەی نوێ وەك شەهید وەك چەمکێکی نوێ

کە هێمای قوربانیدان بۆ گەلو نیشتمانە لە شیعردا بووەتە مۆتیڤی شیعری شاعیرانی کەرکوکی ئەو قۆناغە. ئەوەتانێ شاعیر بۆ دایکی شەهید ئەنووسێ.

ئەو ئافرەتە رووی هەمیشە پێکەنین

هەتا ئێستا ملوانکەو مەدالیا

نەبوون بە هاوەڵی ژینی

دەنگی ئاخی پێوە دیار بوو

دەیوت ئەوەی بەختی یارە

هەروەکو من مەدالیاکەی بە گەردنی

وێنەی کورە شەهیدەکەی پێوە دیارە [٣٥]

لای ئەحمەد زامداریش وێنەی شەهید لە شەهیدبوونی دایکی مناڵێکی ساوادا ئەبینێ لە نامەی ئاوارەیەکی فەلەستین دا.

روانیم مناڵێکی ساوا

لە خوێنی دایکیا گلاوە

چنگ لە چنگ
تەکان ئەدا بۆ پێ دەشتی سنگی دایکی
ئەنگوست گیر ئەکا لە مەمکی
بۆ شاد بوون بە دڵۆپی هەنگوینی سپی (٣٦)

یاخود کەساس جەباری بەم شێوەیە شەهیدی وێنا کردووە، بە نامە پەیام بە تەتەر باڵدار بە سەنگەر چواندویەتی، چونکە هێمای بەرخودانە بۆ میللەتەکەی.وەك لەشیعری شەهیدائەڵێ:

ئەو نامەیەی
نووسەرەکەت لە نامۆی نووسیوێتی
بە پێنووسێ نەی ئەنووسی بە هیچ رەنگی
بە سور نەبێ..(٣٧)

یان لە کۆپلەیەکی تردا ئەڵێ:

شەقەی باڵی ئەو باڵدارەی.
بە ئاسمانی شاری خەمدا تێ ئەپەڕی، تێ ئەپەڕی هەتاکو هەن
دوا هەواڵی لەناوچوونی کوێرەوەریت هەڵگرتووە.(٣٨)

بۆ پێشمەرگە وەك وشە، وەك مۆدێلێکی تری شیعری کوردی، لە زۆر شوێندا بووەتە ناونیشانی قەسیدەو پارچە شیعریەکان، ئەوەتا مارف عمر گوڵ بە ناونیشانی پێشمەرگە، ئەڵێ:

لەبەر پێی ئەسپی پێشمەرگە
لوتکەی نەم گرتوو سەری دانەوان
شەختەی رێگاوبان بوو بە کانی و ئاو
ئۆردووی داگیرکەر کەوتە ئاوەژەنگ دان (٣٩)

احمد زامداریش بۆ پێشمەرگە ئەنووسێ.

کەساس جەباری بە نامەیەك لە ناو سەنگەرەوە ئەرکو چالاکیو پەیامی پێشمەرگە وا دەرئەبڕێ. لە هی ساڵی ١٩٧٤ ە.

خۆشەویستم تۆ لەوێ یتو
کراسی خەم بۆ نامۆییو دەربەدەری هاورازانت لەبەرئەکەی
ئەبیە هێمای بەرخودانو
بەگژ خەونی تاڵو تاوانی دوژمندا ئەچیەوە
ئێمە لێرە پێشمەرگەین ئەو رێبازەی گرتوومانە
رێگای پیرۆز هی سەرکەوتن
هەرگیز هەرگیز بەری نادەین (٤٠)

بێجگە لە شەهیدو پێشمەرگە لەناو تێکستەکان کۆمەڵێ مۆتیڤی تر هەن کە نیشانەی بەرخودانو بیرو دەربڕینی نوێن لە ناو شیعری کوردیدا کە پێشتر کەمتر بەدی کراون.

سیمایەکی تری هەرە دیار لەو نوێکردنەوەیەدا بەکارهێنانی وێنە هونەرییەکان

(شیعرییەکان) لە دەقەکاندا کە وەك دیاردەیەکی بەرچاو لە شیعری ئەو قۆناغەدا ئامادەییەکی تەواوی هەیە. چونکە زۆرێك لەو وێنانە دەربری بارودۆخێك بوون نەئەکرا بە ئاشکرا راشکاوانە دەربڕدرێت. بەتایبەتی لایەنە یاخی بوونەکەو کێشە نیشتمانیو نەتەوەییەکانو بەشێکی ئەو دەربڕینانەش سۆزێکی راستەقینەی شاعیرانە. سۆزو خەیاڵو ئەندێشەش بە چەندین لایەندا ئەشکێتەوە. وەك کێشەی نەتەوایەتی یان سۆزی خۆشەویستانەی شاعیر. گرنگ ئەوەیە ئەمانە ئەبنە هۆی ئەفراندنی دەقی شیعری لە وێنەیەکی جوانو لەبارو سەرنجڕاکێشدا وەك پێکهێنەرێکی بونیادی شیعری خۆی ئەنوێنێ. ئەویش بەهۆی ریزبەندکردنی کۆمەڵێ وشەی سۆزدارەوە، چونکە "شیعر جۆرە وێنە کێشانێکە بە وشە ئەنجام ئەدرێ بە مەرجێك پڕ هەستو سۆز بێت" ئەمەش ئاخاوتنی ساموێل کۆلێرجە کە رەخنەگرێکی ئینگلیزە وای وتووە.[٤١]

لە شیعری کوردی کەرکوکی ئەو قۆناغەشدا، لای هەندێ شاعیر ئەو بەکارهێنانە حزوریان هەیە سەلام محمدیش وەك شاعیرێکی کەرکوکی نوێخواز بە شیعرەکانی توانی لە شەقڵو سیمای ئەو نوێگەرییە نزیك بێتەوە بە پارچە شیعری دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە کە مێژووی نووسینی بۆ ساڵی ١٩٧٤ ئەگەڕێتەوە. دواتر کردیە ناونیشانی دیوانە شیعرییەکەی لە ساڵی ١٩٨٨ بە چاپی گەیاند. لەم پارچەیەو تێکستەکانی تریشدا. نوێگەرییەکی بەرچاو ئەبینرێ. چ لە رووی تەکنیكو چ لە رووی ناوەرۆکەوە. تێکستەکان پارچەی درێژن وەك ئاسۆی خۆرنشین، بارانی رەنگاورەنگ، تۆ کەناری یان رووباری، وەك هەزارانی تر ل٨٣ی دیوانەکەی، گەشتو پێناسین ل٧٩، شاری نهێنی ل١٠٧-١٠٧، تانیا ل١١١-١١٣ ساڵی ١٩٧٥. بۆ کچی کوێستان ل١٢١-١٢٣ ساڵی ١٩٨٥.[٤٢]

ئەو نوێگەرییەی کە سەلامی شاعیر دەستی دابوویە تیایدا ئەوەندە پابەند بە قافیەو سەرواوە نەبووە. لە رووی تەکنیکی دەرەوەی شیعر، بۆیەکا لە شیعرەکانیدا ئازادانە کۆتایی دێڕە شیعرەکانی داڕشتووە چونکە بیرو هەستی داڕشتنی شاعیر ئەشێوێنێ کە شاعیرانی کەرکوك ئەوەندە بایەخیان پێنەدا چونکە قافیە وەك وێستگەیەکی حەزی شاعیر کۆتایی هات باوابێ وەك چۆن نزار قەبانی ئەڵێ: "وای بە باش ئەزانین قافیە وێستگەیەکی حەز بێ. ئەوەی ئەیەوێت با بووەستێ ئەوەش نایەوێت کەیفی خۆیەتی بەڵام گرنگ ئەوەیە کە قەرەبوویەکی نووسین هەبێت".[٤٣]

سەلامیش بە کەیفو حەزی خۆی سەرواکانی شیعری هێناوەتەوە سەرپاکی شیعرەکانی پێ داڕشتوون.هەروەها رۆڵیشی بە کێش ومۆسیقاداوە

نامەیەکیت أ	أ	یت
بە تیشکی رۆژ وشەکانت هەڵچنراوە	ب	اوە
کە شەو داهات	ج	ات
لەگەڵ خەندەی لا لێوی پەرداخەکەت	د	ەت
چاوەکانت ئەتروکێنێ	ه	ێنێ [٤٤]

یاخود لە پارچەیەکی تردا:

شەوانی هاوین	أ	ین
دوو لێوی گەرم و ناسک	ب	سک
کچە کێوییەك کپ و تامەزرۆ	ج	رۆ
لە ئاگردانی دەمی تیوریا	د	یا
ئەبوونە پشکۆ	ه	کۆ
بەدەم هەناسە هەڵمژینەوە	و	ەوە
گوێم لێ بوو تاڵ تاڵ ئێسقانەکانی	ز	نی
ئەهاتنە بزەو سەماو هەڵپەڕین	ك	ین [٤٥]

لەم تێکستەو چەندینی تردا دەربڕینەکان ئەوەندە بەشێوەیەکی چڕوپڕ دەربڕراون‌و داڕێژراون شاعیر سیستمە زمانەوانییەکەی زمانی کوردی گۆڕیوەو رووەولادانی سیمانتیکی بردووەووێنەیخوازراوی هێناوە. وەك گوێم لێ بوو بۆ بزە، سەما، هەڵپەڕین ناشێ بەڵکو چاو بەکارئەهێنرێ لە جیاتی گوێ.

لای مارف عمر گوڵیش و لەتیف و احمد زامدارو کەساس جەباریو شاعیرانی تریش ئەوەندە پابەندی سەروا نەبوون بەوەی بەکارهێنانی ئەم دیاردەیە سەروا ئەبێتە لەمپەر لەبەردەم دەربڕینی بیرو خەیاڵو ئەندێشەی شاعیر ئەم پابەندنەبوونەش سیمایەکی نوێگەری ئەو قۆناغە بوون.

لای احمد زامداریش بەم جۆرەیە:

کەڵەکە بڕێی رۆژگارێکی شێت	أ	ێت
نازدارەکەم شابووکی جوان	ب	ان
پەرستگای دڵ	ج	دڵ
قیبلەی نیاز	د	از
فەرهەنگ چپەو باس‌وخواز	ه	از
ئەی تاقانە ئەستێرەکەی ئاسمانی دڵ	ز	دڵ [٤٦]

لەتیف هەڵمەت هەمەڕەنگی قافیەکان وا دەرئەکەوێ کە پابەند نییە بە قافیەو سەرواوە.

وتیان رووبار بۆ ناڵین‌و قەڵەمبازی	أ	زی
لەنگەر ناگرێ و راناوەستێ	ب	ستێ
بۆچی گڵی کەناری خۆت	ج	ۆت
لە خۆت دەگری و بە هەردوو دەست	د	ست
وتی لەبەر ئەو ماسیانەی	ه	ەی
راوچی تۆڕیان لێ دەبەستێ	ز	ستێ [٤٧]

لای مارف عمر گوڵیش بەم شێوەیە سەرواکان داڕێژراوە.

شیعرەکانم وەکو کۆتر دێنو دەچن أ چن
کە پەنجەرەی هەڵفڕینیان لێ داخرا یەخسیر کران ب ان
نیوە شەوێ بۆ دیلێتی گەڕانەوە ج ەوە
هەر شیعرێکی لەبەر دەمما بوو بە چراو د او
گەشایەوە وەك چراخان هـ ان [٤٨]

لە بەکارهێنانی وێنەی هونەریدا شاعیرانی کەرکوك هەم بەهۆی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیو سیاسیەی کەرکوکەوە هەم بۆ فراوانکردنی داهێنانە شیعرییەکان زۆر بە وردیو سەرنجەوە وێنە شیعرییەکانیان داڕشتووە پانتاییەکی فراوانی تێکستە شیعرییەکانیانی گرتووەتەوە، بەوپێیەی کە چەمکی شیعر بریتییە لە "بیرو وێنەو مۆسیقا" هەروەها وەك بونیادو پێکهێنەرێکی گرنگی شیعرەکە بریتییە لە "ئەزموونی شیعریو مۆسیقاو ئەندێشەو وێنەی شیعریو یەکێتی بابەتو بیر".[٤٩]

بۆیە دووبارەبوونەوەی وێنەی شیعری لای سەلام محمد ئەبینین کە زۆر چڕوپڕەو بە شێوازێکی فراوانو هێما ئامێز تێکستەکانی داڕشتووە بەوەی کۆمەڵێ دەلالەتی واتایی ئەهێنێ واتاکانیان ئەگوێزێتەوە بۆ واتایەکی نوێ لە دیمەنو تابلۆی سروشتەوە وەریان ئەگرێو ئەیانگوێزێتەوە بۆ نێو دەقی شیعریو ئاوێنەکردنی بە سۆزو ئەندێشەیەکی جوانو بێ سنوور.

وێڕای ئاوازێکی ڕێكو لەبار بەدەر لە دیوی ناوەوەی تێکستەکانو گونجاندنی وشەو جۆرێك لە ڕێکخستنی ورد بۆ بەخشینی واتایەکی ورد کار ئەکات وەك چۆن لامبورن ئەڵێ "ئاوازی ناوەوەی دەقی شیعری ئاکامی هەڵبژاردنی وشەکانو ڕێکخستنیانە لەلایەكو پێکەوە گونجاندنی وشەکانو واتاکانیان لەلایەکی ترەوە".[٥٠]

سەلام محمدی شاعیریش بۆ بەدیهێنانی ئاوازی ناوەوەی شیعرەکان وشەی لەباری لە سروشتو دیمەنەکانەوە هەڵئەبژێرێو ڕێکیان ئەخاتو بەیەکەوە پرۆسەی گونجاندن ئەهێنێتە بەرهەم.

ئەی کچی جوان
شەوی بەهار کاتێ بەفر ئەتوێتەوە
ڕێژنەی باران
دانە. دانە
لێوی ئاگر هەڵئەمژێ
هەورە تریشقەو بروسکە
دێنە ناو ژووری دڵتەوە
تۆی ڕازاوەش
ئەبیت بە مانگ تریفەکەت وردە بەردو زیخ و چەوی
کەنارەکانی تانجەرۆ دائەپۆشیت [٥١]

ئەم تێکستە شیعرێکی ئازادو سەربەستە، تیایدا دەربڕینێکی پڕ لە سۆزو ئەندێشەیەکی بەرفراوانی هێناوەتە ناوەوە. تافێکی بەهاری لە شەودا بەفر ئەتوێنەوە. بارانیش گەرمی ئەباتەوە. رێژنەی باران. لێوی ئاگرو هەڵمژین هەورە تریشقەو بروسکە ئەچنە ئامێزی دڵەوە. بە تیشکی ئەوانە تۆ ئەبی بە تریفەی مانگ زیخ و چەوو کەنارەکانی رووبار دائەپۆشێ تەماشاکە چ تابلۆیەکی رەنگینی خولقاندووە ئەفراندووە.

شاعیرانی کوردی کەرکوك بەشێوەیەکی لەبارو ورد مامەڵەیان لەگەڵ وێنەی شیعریدا کردووە توانیویانە کەرەسەکان لە سروشتو هەناوی واقیعی کۆمەڵی کوردەوارییەوە وەربگرنو بەشێوەیەکی رەمزیو هێماکاری شکاندوویانەتەوە بۆئەوەی بابەتەکە دەربڕی ناخی شاعیرو کۆمەڵ بێت لەپێناو خوڵقاندنو ئەفراندنی تێکستێکی شیعری نایابدا. بێ ئەوەی کە کردوویانە بە کۆڵەکەیەکی شیعر وایان کردووە ببێ بە گیانو جەستەی شیعری وەك چۆن رۆبەرت ئەرز روز ئەڵێ "ئەوە راستی نییە وێنە تەنها کۆڵەکەی شیعر بێت بەڵکو راستی لەوەدایە کە وێنە گەوهەری شیعرە لەهەمان کاتیشدا گیان لاشەکەیەتی". [٥٢]

سەلام محمد شاعیری کەرکوکیش بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ وێنەی شیعریدا ئەکاو ئەیخولقێنێ.

شینایی خەم
رەشماڵێکی ئاگرین
بەسەر دەشتە چۆڵەکانی
تریفەی شوشە شکێنی
ئەستێرەکانا هەڵدابوو
ئاسۆش تەمی
ئاسمانی دوور دەکردە
دڵۆپی فرمێسکی وشكو
تێکەڵاوی تاسەی هەورەکانی دەکرد
تا لە زستان ببێتە
هەڵمی رەنگە جوانەکانی
پاش رەهێڵەو بارانی زۆر [٥٣]

سەلام لەم کۆپلەیەدا وێنەیەکی وای نەخشاندووە، خەمی کردووەتە رەشماڵێکی ئاگرین بەسەر چۆڵدا بەسەر تریفەی فرمێسکی ئەستێرەکاندا هەڵ ئەدا، ئاسۆش ئاسمانی دور ئەکاتە خوێن، سور هەڵئەگرێو وشك ئەبێو ئاوێتەی هەورەکانی ئەکات، لێرەدا خەمو شینایيە مۆرەکەی ئەبنە رەنگی رەش هەرچی دەشتو تریفەی ئەستێرەش هەیە دای ئەپۆشێ، ئاسۆش بەهەمان شێوە بووەتە پارچەیەك لە گیانو جەستەو ئاوێتەی یەکتری بوون دیمەنێکی ئەفرێندراوی ناسکیان خوڵقاندووە.

لەتیف هەڵمەتیش بە خوڵقاندنی وێنەیەك بەم شێوەیە ناخی خۆی واڵا ئەکاتو بە هێنانی کۆمەڵێ کەرەسە دەربڕینی رقی سەبارەت بە ئارایشتکردنی رازاندنەوەی شیعر بە ئارایشتو

مۆدێلکاری ژنانو گەنجانی لە قەڵەم داوە.

چەنێ بڵێ من رقم لە بۆیەو چاو رشتنو

ئارایشت کردنی وشەیە

ئەویش بۆئەوەی وشەش وەکو

شێوەی جلوبەرگو رووخساری هەندێ

کچۆڵەی نەفامو ژنی سەرلێ شێواوو

گەنجی بەرەڵلا

لە مۆدێلکاری و ئەتەکێتبازیدا ئەشێوێ. (٥٤)

سەلام محمد بۆ داهێنانی وێنەی شیعری لەنێو تێکستێکی شیعریدا کەرەسەکان ئەهێنێو لەجیاتی رۆحو گیانو ناخی خۆی لەگەڵ یەکتردا ئەیاندوێنێو تێکستێکی شیعری ناوازە ئەخولقێنێ.

لە سامالّی پاش بارانی نیوە شەودا

خەم ئەبێتە تریفەیەك

بە مانگ ئەڵێ

تۆ جوانتری

یا ئەو رووبارەی هاژەی دێ

هەرچەندەکا هەڵم ناکاو

نابێتە پەلکەزێڕینە

مانگیش ئەڵێ با ئەستێرەکان نەسووتێن

ئارامت بێ تا بەیانی

خۆر وەڵامت ئەداتەوە (٥٥)

لەم تێکستو کۆپلەیەدا دیسان خەم ئەکاتە تریفەو لەگەڵ مانگدا ئەیدوێنێ ئەم دایەلۆگە بەرپا ئەکات تۆ جوانتری یان ئەو رووبارەی هاژەی دێو هەڵم ناکات. پەلکەزێڕینە دروست ناکات.

مانگیش وەڵام بۆ خۆر جێ ئەهێڵێ، دیسانەوە خەم ئەکاتەوە ماسیەکی تینوو لەگەڵ خۆردا ئەپەیڤێ ئەڵێ تۆ جوانتری یان گوڵە کێویلەی ماچێ کە بشفرێ ناگاتە لێوی دڵدار تا خۆر پێ ئەڵێ لە مانگت پرسیوە. ئیدی هەورەکان لێك ئەدەنو بریسکەو چەخماخە ئەدەن بەوە رێژنە باران دائەکاو لافاوێکی پیرۆز هەڵئەستێ.

دایەلۆگەکە کۆتایی دێت، بێگومان ئەمەش جۆرە داهێنانێکە کە کەرەسەکانی سروشتو دیاردەکان بەشدارنو ئەیانهێنێتە قسەو دیمەنو تابلۆیەکی هونەرییان پێ ئەنەخشێنێ..

پەراوێزەکان

١. پەرێز صابر، رەخنەی ئەدەبی کوردیو مەسەلەکانی نوێکردنەوە (شیعر)، هەولێر، چاپی

یەکەم، ٢٠٠٨، ل٦١١.

(*) "چیمان گۆڕی" ناونیشانی دەقێکی شیعری لە کۆمەڵە شیعری "پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیانو کوێستانمە" دایە. ئەم کۆمەڵە شیعرە لە ساڵی ١٩٧٧ چاپکراوە کە پڕە لە چەندین تێکستی شیعری تورەو یاخی وابەستە بوون بە خاكو نیشتمانەوە. هەڵوێستی نەتەوایەتیو نیشتمانیو تێکەڵ کردنی خۆشەویستی بە خۆشەویستی نیشتمانو خاكو نەتەوە. کە تیایدا وشەو دەستەواژەی شۆڕشگێڕی وەك سەنگەر، تۆڵە، رەگ، کوردستان، قوربانی..تاد. لە هۆنراوەی سادەو ساکاردا دەربڕاون هەموویان ئاماژەی یاخی بوونو پەیام بۆ خەباتو بەرخودانو یاخی بوونی بەرجەستەبووی کۆمەڵگای کوردەواری..

٢. پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیانو کوێستانمە، شیعر، ١٩٧٧، ل١٠٧.
٣. هەر ئەو سەرچاوەیە ل١٠٨.
٤. غیابی پرۆژەی گۆڕانکاری لە شیعری "چیمان گۆڕی" عەتا قەرەداغی، رۆژنامەی رووناکبیری، ژمارە (٥) ٢٠٠٠/١٢/٣١.
٥. لەتیف هەڵمەت وەك دیاردەیەکی شیعری نوێ، سەرنجێك لە خواو شارە بچکۆلەکەمان، هەتاوی ئەدەبی رۆژنامە. ژمارە (٤و٥) ١٩٩٦.
٦. د.علی طاهر بەرزنجی، کاریگەری روانگە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٨، ل١٣١ و ١٣٢.
٧. خۆری زیندان، شیعر، مارف عمر گوڵ، ١٩٨٦، ل٥٥.
٨. عبدالمطلب عبدالله، چەمکی یاخی بوون لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری سبەی، ژمارە (٢) پایزی ١٩٩٣، ل١١.
٩. نظرية اللغة والجمال في النقد الادبي، سلوم ثامر، دار الحوار، اللاذقية، ١٩٨٣، ص٢٢٥.
١٠. دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە، بارانی رەنگاورەنگ ١٩٧٩ نووسراوە. سەلام محمد، ١٩٨٨، ل٤١-٤٥.
١١. بەهاکان کە نامۆ ئەبن، کەساس جەباری، سلێمانی، ٢٠٠٧.
١٢. هەر ئەو سەرچاوەیە ل٦٩ و ٧٠، گۆڤاری گرنگ، یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك، ژ١٧ راپەڕین ك١، ١٩٩١.
١٣. گیانی یاخی بوون و بەگژاچوون لە شیعری نەوەی نوێماندا، حسین عارف، گۆڤاری گرنگ ژمارە (٢) ساڵی ١٩٧١، ل٦٦.
١٤. دیوانی شێرکۆ بێکەس بەرگی (١)، من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ، رۆژژمێری پێشمەرگەیەك، سوید، ٢٠٠٩، ل٤٠٩ و ٤١٠.
١٥. پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیانو کوێستانمە، ل٧٩.
١٦. خۆری زیندان، مارف عمر گوڵ، ل٣٠. ١٩٨٧، پێیان وتووم جا کە زیندان
١٧. خۆری زیندان، دەسەلات، مارف عمر گوڵ، ل٤٣، ١٩٨٧ ئەم شیعرە لە ساڵی ١٩٨٤ نووسراوە.

١٨. ئازاد بەرزنجی، چەند وێستگەیەکی ئەدەبی و فکری، چاپی دووەم، ٢٠٠٦، ل١١٧.
١٩. مارف عمر گوڵ، هێلانەی نوغرۆ، هۆنراوە، کەرکوك ١٩٨٥، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٥، ل١٥ و ١٦.
٢٠. مارف عمر گوڵ، هێلانەی نوغرۆ، هۆرەی سیامەند، ل٣٢.
٢١. هەر ئەو سەرچاوەیە ل٣٢و ٣٣.
٢٢. هێلانەی نوغرۆ، درەخت، ل٤٢.
٢٣. کودەتایەك لە پایتەختی دڵێکی شێتدا، احمد زامدار، ١٩٧٩، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٩، ل٢٦.
٢٤. سەلام محمد، دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە "بارانی رەنگاورەنگ" ١٩٨٨، ل٤٠.
٢٥. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٤٠.
٢٦. کەمال میراودەلی، لەتیف هەڵمەت وەك دیاردەیەکی شیعری نوێ سەرنجێك لە خواو شارە بچکۆلەکەمان، رۆژنامەی هەتاوی ئەدەبی ژمارە (٤ و ٥) حوزەیران و تەموز، ١٩٩٦.
٢٧. هەر ئەو سەرچاوەیە، ئەو ژمارەیە.
٢٨. لەتیف هەڵمەت، پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە، سلێمانی، چاپخانەی کامەرانی، ١٩٧٧، ل١٦.
٢٩. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٨و١٩.
٣٠. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٧و١٨.
٣١. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٨.
٣٢. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٤.
٣٣. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٨١.
٣٤. بناء القصيدة، الفنى في النقد العربي القديم والمعاصر، مرشد الزبيدي، بغداد، ١٩٩٤، ص٤٥.
٣٥. مارف عمر گوڵ، خۆری زیندان لە ساڵی ١٩٨١ نووسراوە، ل٧.
٣٦. احمد زامدار، کودەتایەك لە پایتەختی دڵێکی شیندا، ١٩٧٩، ل٢٧.
٣٧. کەساس جەباری، بەهاکان کە نامۆ ئەبن، ٢٠٠٧، ل٦٣، کوردستانی نوێ ژ٧٧ ساڵی ١٩٩٢، شیعرەکە هی ساڵی ١٩٨٠ە.
٣٨. هەر ئەو سەرچاوەیە ل٦٣.
٣٩. خۆری زیندان، مارف عمر گوڵ، ل٥٧.
٤٠. بەهاکان کە نامۆ ئەبن، کەساس جەباری، ل٦٠، لە ١٩٧٤/٥/٣ لە ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق بڵاوبووەتەوە.
٤١. سيسل دى لويس "الصورة الشعرية" ترجمة أحمد نصيف الجنابي وآخرين، ١٩٨٢،

ص٢٣.
٤٢. سەلام محمد، دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە، ١٩٨٨.
٤٣. نزار قەبانی، کۆمەڵە وتارێك، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، طه بابان، سلێمانی، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ساڵی ٢٠٠٩.
٤٤. سەلام محمد، دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە، ل٢٨.
٤٥. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٩.
٤٦. کودەتایەك لە پایتەختی دڵێکی شێتدا، احمد زامدار، ل٣.
٤٧. لەتیف هەڵمەت، سرودی هەژاران، ١٩٨٣، ل١١٥، شیعرێکی ونبوو.
٤٨. مارف عمر گوڵ، هێلانەی نوغرۆ، ل٧٧.
٤٩. البناء الفني للقصيدة العربية، محمد عبدالمنعم الخفاجي، القاهرة، ص٤٥.
٥٠. في النقد العربي عند العرب، د.محمد طاهر درويش، مطابع سجل العرب، طبعة (٢)، ١٩٧٩، ص٩٧.
٥١. سەلام محمد، دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە، ل٩١.
٥٢. عبدالرحمن نصرت، في النقد الحديث، دراسة مذاهب نقدية وأصولها الفكرية، بلا سنة، ص٢٦.
٥٣. سەلام محمد، دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە، وەك هەزاران رێکەوتی تر، ل٨٣ و ٨٤.
٥٤. ئەو هۆنراوانەی تەواو ئەبن و تەواو نابن، لەتیف هەڵمەت ١٩٧٩، ل٣٩.
٥٥. دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە، سەلام محمد، ل٩٣-٩٤.

ئەنجام

دوای لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن لە هەندێ تێکستی شیعری شاعیرانی کەرکوك نێوان هەرەس و راپەڕین ١٩٧٥-١٩٩١ گەیشتینە ئەوەی کە شیعری ئەو قۆناغەی شاری کەرکوك، گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. لەباری تازەگەرییەوە کە بەهۆی گۆڕانی رەوشی ئاڵۆزو ململانێی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیەوە. لەگەڵ گۆڕانی ئەو رەوشەی شیعری کوردیش گۆڕانی بەسەردا هات و خۆی لە کۆت و پێوەندە تەقلیدیە کلاسیزمەکە رسکان. لەوێ شیعر بە ئاقارێکی نوێدا تێپەڕی. چەند سیمایەکی وەك یاخی بوون دژی دەسەڵات و دیاردە دزێوەکان و نوێبوونەوە لە ناوەرۆك و روخساردا بەخۆوە گرت. خۆی لەو سیستمە کلاسیزمە رزگارکردو بەرەو پەخشانە شیعرو شیعری ئازاد رۆیشتووە. ئەم گۆڕانانەش وەك دیاردەیەکی تازەگەری لە شیعری کوردی کەرکوك و خۆی چەسپاند. کۆمەڵێ شاعیر چ لە شاخ و چ لە شار هاوشان لەگەڵ گۆڕانەکان و بەرپەرچدانەوەی ئەو رەوشە ئاڵۆزەی کەرکوك و کوردستاندا بەرهەمە شیعرییەکانیان لە نموونەو تێکستی نوێ و تازەدا ئەفراند. کە موتوربە بوون بە بیری نیشتمانی و ئایدیۆلۆژیای نەتەوایەتی و خەبات و بەرخودانی بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردستان...

ملخص البحث

هذه الدراسة الموسومة (التجديد في الشعر الكردي في مدينة كركوك في الفترة مابين الانتكاسه ١٩٧٥ والانتفاضة ١٩٩١) تتناول وضع الحركة الأدبية وبالأخص الشعرية في كركوك كجزء من محاولات توجيه الشعر الكردي نحو الحداثة والتجديد ذلك التجديد الذي له سماته الخاصة به كالوقوف بوجه السلطة المستغلة وتحديها والصراعات والوضع المعقد الذي عاشتها كركوك في تلك الحقبة التأريخية. الدراسة تشمل اربع محاور: المحور الأول/ وفيه استعرضنا نبذة تأريخية مختصرة عن مدينة كركوك.

المحور الثاني/ وفيه سلطنا الضوء على ظاهرة التمرد لدى شعراء كركوك كسمة من سمات التجديد في الشعر الكردي.

المحور الثالث/ وفيه تناولنا بالبحث والتحليل بعض النصوص الشعرية ذات مضامين وطنية وقومية واجتماعية قلَّ مثيلها في الشعر الكلاسيكي الكوردي.

المحور الرابع/ خصصنا هذا المحور لدراسة الشعر الكردي من ناحية الشكل وتلك التغيرات التي طرأت على الشعر الكردي كسمة من سمات التجديد الدراسة مستندة على مجموعه.

من النصوص الشعرية للشعراء لطيف هلمت وسلام محمد ومارف عمر كول واحمد زامدار وكەساس جەباری.

آملين ان نكون قد وفقنا في اشعال بصيص نور في هذا الجزء المغتم من ادبنا الكردي في مدينة كركوك والله من وراء القصد.

Abstract

This research entitled modernism kurdish poems between collapse and uprising (1975-1991) which demonstrates the movement of karkuki's kurdish poems. As apart of the grouth and development to words the modernism that modernism has various feabures such as defance against the authority (oppresive power) chalange on ne hand. On the other hand conflect of the complex case of karkuk in that historical stage.

The research includes the eatracts of different poems of the following poets. Latif Halmat, Salam Muhamed, Marif Omer Gul, Ahmed Zamdar and Ksas Jabari.

The research encomposses from the four axis.

The first axis is specifed the case of karkuk city in that gistorical period.

The second axis focuses on the rebilianz phenomenon in the poems of the above poets.

The third axis refers to some content of the poems such as patriotic, mabionalism and social apects which rarely can be found in classicism.

The fourth axis about the form of the poems and those alternations that occurred in using new dection and vocabularies, rhyme rhythem and the imagary to reflect the modernism.

سەرچاوەکان

کوردییەکان:

١. رەخنەی ئەدەبی کوردیو مەسەلەکانی نوێکردنەوە (شیعر) پەرێز صابر، هەولێر، ٢٠٠٨، چاپی یەکەم.

٢. چەند وێستگەیەکی ئەدەبیو فکری، ئازاد بەرزنجی، ٢٠٠٦، چاپی دووەم.

٣. کاریگەری روانگە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، علی طاهر بەرزنجی، ٢٠٠٨، چاپی یەکەم.

عەرەبییەکان:

٤. البناء الفني للقصيدة العربية، محمد عبدالمنعم الخفاجي، القاهرة.

٥. الصورة الشعرية، سيسل.دى لويس، ترجمة أحمد نصيف الجنابي وآخرين، ١٩٨٢.

٦. بناء القصيدة الفنى في النقد العربي القديم والمعاصر، مرشد الزبيدي، بغداد، ١٩٩٤.

٧. في النقد الحديث، عبدالرحمن نصرت، دراسة مذاهب نقدية وأصولها الفكرية، بلا سنة.

٨. في النقد العربي عند العرب، د.محمد طاهر درويش، مطابع سجل العرب، طبعة (٢)، ١٩٧٩.

٩. نظرية اللغة والجمال في النقد الادبي، سلام ثامر، دار الحوار، اللاذقية، ١٩٨٣.

دیوانە شیعرییەکان:

١. ئەو هۆنراوانەی تەواو ئەبنو تەواو نابن، لەتیف هەڵمەت، ١٩٧٩.

٢. بەهاکان کە نامۆ ئەبن، کەساس جەباری، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣. پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیانو کوێستانمە، لەتیف هەڵمەت، ١٩٧٧.

٤. خۆری زیندان، مارف عمر گوڵ، ١٩٨٣، چاپی دووەم.

٥. دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە، سەلام محمد، ١٩٨٨.

٦. دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی (١)، سوید، ٢٠٠٩.

٧. سرودی هەژاران، لەتیف هەڵمەت، ١٩٨٣.

٨. کودەتایەك لە پایتەختی دڵێکی شێتدا، احمد زامدار، ١٩٧٩، سلێمانی، چاپخانەی کامەرانی.

٩. هێلانەی نوغرۆ، مارف عمر گوڵ، کەرکوك، ١٩٨٥، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٥.

رۆژنامەو گۆڤارەکان:

١. رووناکبیری "رۆژنامە"، ژمارە (٥)، ٢٠٠٠/١٢/٣١.

٢. هەتاوی ئەدەبی "رۆژنامە"، ژمارە (٤و٥) حوزەیران، تەموز، ١٩٩٦.

٣. گۆڤاری سبەی، ژمارە (٢) پایزی ١٩٩٣.

٤. گۆڤاری گرنگ، ژمارە (٢) ساڵی ١٩٧١.

٥. گۆڤاری گرنگ، یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك، ژمارە (١٧) ك١ ١٩٩١.

٦. گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ساڵی ٢٠٠٩.